سەرۆک وەزیران چاوی کەوت بە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری غازی تورکمانستان

سودانی چاوی کەوت بە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری غازی تورکمانستان.

ئەمڕۆ شەممە مەحەممەد شەیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕوونیکردەوە کە عێراق خاوەنی سامانێکی غازی زۆرە، بەڵام پێویستی بە کات هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو وەبەرهێنانی تێدا بکات، جەختیشی لەوە کردەوە کە ڕەوتی هاوردەکردنی غازی تورکمانستان لە چوارچێوەی دیدگا و ستراتیژی حکومەتدایە بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی هاوردەکردنی غاز.

لە ڕاگەیەندراوێکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق هاتووە: مەحەممەد شەیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پێشوازی لە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری غازی تورکمانستان "مەقسەد بابایڤ" و شاندی یاوەری کرد.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە میانی دیدارەکەدا پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات تاوتوێ کرا، ڕێگاکانی پەرەپێدانیان، هەروەها پتەوکردنی چوارچێوەی هاریکاری لە بواری وزە و غازدا، کە گەیشتە لوتکە بە واژۆکردنی یاداشتێکی هاوبەشی لێکتێگەیشتن بۆ هاوردەکردنی غازی تورکمانستان بۆ عێراق، هەروەها بە دابینکردنی پێداویستی وێستگەکانی بەرهەمهێنان و سیستەمی کارەبا لێیەوە، وەك بڕیارە شاندێکی عێراقی لە بیست و پێنجی ئەم مانگەدا بچێتە تورکمانستان بۆ واژۆکردنی گرێبەست.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لەوە کردەوە، کە حکومەت گرنگییەکی زۆری بە کەرتی وزە لە عێراق داوە و کردوویەتی بە یەکێك لە ئەولەویەتە دیارەکانی خۆی و بنەمایەك بۆ پەرەپێدان و هەمەچەشنکردنی ئابووری و پەرەپێدانی تەواوی کەرتە گرنگەکان. ڕوونیشیکردەوە: عێراق سامانێکی زۆری غازی هەیە، بەڵام پێویستی بە کاتە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو وەبەرهێنانی تێدا بکات، دوای ئەوەی ساڵانێك لەم بابەتە درەنگ بوو.

لای خۆیەوە بابایف سڵاوی سەرۆکی تورکمانستانی گەیاندە سەرۆك وەزیران و جەختی لەسەر ویستی وڵاتەکەی کردەوە بۆ پتەوکردنی هاریکاری هاوبەشی نێوان عێراق و تورکمانستان لە بوارە جیاجیاکاندا، بە شێوەیەك کە بەشداربێت لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و بەرژەوەندی گەلەکانیان.